# ناڕەزایی ئاو لە ئێران

24-07-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : ناڕەزایی خەڵکی خوزستان لە ئێران بەهۆی کەمئاوی، لەم رۆژانەدا کە پلەی گەرما لەوێ، خۆی لە قەرەی 47 ـ 48 پلە دەدات، رۆژەڤی تارانی داگرتووە. ئێران لە چاو چەند ساڵێ پێش ئێستا، لە سیاسەتی دەرەوەیدا تۆزێك داشی سوارە. لە دانوستاندن لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پەلە ناکات و، داوای لابردنی گەمارۆکان دەکات. بەشێك لە رکابەرە ناوچەییەکانیشی، دەیانەوێ گرژییەکانیان لەگەڵی کەمبکەنەوە. هەڵبەت دۆخی سیاسەتی ناوخۆی وانییە و رووبەڕووی یەکێك لە گرنگترین قەیرانەکانی خۆی بووەتەوە؛ ئەویش ناڕەزایی جەماوەرییە!

**بەرایی**

ناڕەزایی خەڵکی خوزستان لە ئێران بەهۆی کەمئاوی، لەم ڕۆژانەدا کە پلەی گەرما لەوێ، خۆی لە قەرەی 47 ـ 48 پلە دەدات، ڕۆژەڤی تارانی داگرتووە. ئێران لە چاو چەند ساڵێ پێش ئێستا، لە سیاسەتی دەرەوەیدا تۆزێك داشی سوارە. لە دانوستاندن لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پەلە ناکات و، داوای لابردنی گەمارۆکان دەکات. بەشێك لە ڕکابەرە ناوچەییەکانیشی، دەیانەوێ گرژییەکانیان لەگەڵی کەمبکەنەوە. هەڵبەت دۆخی سیاسەتی ناوخۆی وانییە و ڕووبەڕووی یەکێك لە گرنگترین قەیرانەکانی خۆی بووەتەوە؛ ئەویش ناڕەزایی جەماوەرییە!

**ڕووداوەکە چییە؟**

ناڕەزایی خوزستانییەکان لە دەست کەمئاوی، بۆ دوو پارێزگای ئیسفەهان و لوڕستانیش پەرەی سەند و چەند شوێنێکی جیاجیای گرتەوە. هیومان رایتس ووچ باسی کوژرانی 3 خۆپیشاندەری کردووە[1] و، هەندێك سەرچاوەی دیکەش ئەو ژمارەیە بۆ 7 بەرزدەکەنەوە.[2]

ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەکانی ئەو پارێزگایە ڕەخنەیان لە حکومەت و پەرلەمان گرتووە کە خەمی دۆخی خوزستان ناخۆن و ئایەتوڵڵا محەممەد حوسێن ئەحمەدی شاهروودی، نوێنەری ئەوێ لە ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕابەری، ڕەخنەی لە کەمتەرخەمیی نووسینگەی ڕابەری ئێران، سەرۆککۆمار و وەزارەتی وزەش گرتووە و گوتوویەتی "بەداخەوە گوێیان لێنەگرتین"[3].

خوزستان لەجیاتی دانەیەك، 4 ڕووباری گەورە و بچووکی بە ناوەکانی (کارون، مارون، دز و کەرخە) هەیە و بەپێی هەندێك لە ئامارەکانیش، "33%ی ئاوە سەرزەوینییەکانی ئێران لەوێیە"[4]، بەڵام ئێستا کەمئاوە!

ناڕازییەکان دەڵێن، پرۆژەکانی حکومەت بۆ گواستنەوەی ئاوی ڕووبارەکانی خوزستان بۆ پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران، بنج و بناوانی ئەو کەمئاوییەی دروستکردووە و، هەندیك لە بەرپرسانی حکومەتیش دەڵێن بەفیڕۆدانی ئاو کێشەکەی دروستکردووە. ساڵی 2019، ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمانی ئێران، پێشبینی کردبوو کە 80%ی خەڵکی ئێران تووشی گرفتی کەمئاوی ببنەوە.[5] لەوێشدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە ناوچەی ئاویی نێوەڕاستی ئێران، کە پارێزگاکان وەك: ئیسفەهان، کرمان، یەزد و خۆراسانی جنوبیش دەگرێتەوە، کەمئاوترین ناوچەن. ماوەی چەندین ساڵێشە پرۆژەی جیاجیا بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە ئارادایە. ئەمساڵ حەسەن ڕۆحانی پرۆژەیەکی گواستنەوەی ئاوی دەریا بۆ سەحرای کردووە کە ئامانج لێی، گواستنەوەی ئاوی شیرینکراوی خەلیج و دەریای عومانە بۆ پاریزگاکانی نێوەڕاست، سیستان و بەلوچستان. لە سەر لقەکانی ڕووباری کارونی خوزستان کە چەند پارێزگایەکی دیکەوە دێن، چەندین بەنداو دروستکراون و لەڕێی تونێل و کەناڵەوە، ئاو بۆ پارێزگاکانی نێوەڕاست براوە. لانیکەم باسی پرۆژەی 9 بەنداو لەسەر لقەکانی کارون دەکرێن کە لە هەرسێ پارێزگای لورستان، مەرکەزی و چوارمەهاڵ و بەختیارییەوە دەڕژێتە ناو خوزستان کە هەندێکیان کەوتوونەتە کار و ئەمەش خەڵکی تووڕە کردووە. نەك تەنیا خەڵکی ئاسایی، بەڵکو ئەمە مشتومڕێکی لەنێوان پەرلەمانتارانی خوزستان و پارێزگایەکی وەك ئیسفەهانیش دروستکردووە کە ئاوی بۆ براوە. ساڵی 2019، 19 پەرلەمانتاری ئیسفەهان لە دژی لابردنی پارەی دانراو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی لقەکانی ڕووباری کارون بۆ پارێزگاکەیان و زیندووکردنەوەی ڕووباری زایەندەڕوود، دەستیان لەکارکێشایەوە تاوەکو حکومەت ناچاربێت ئەو پارەیە تەرخانبکات و ئەویش کردی.[6] نوێنەرانی خوزستانیش لەکاتی گوتاری ڕۆحانیدا ناڕەزاییان دەربڕی و دواتریش لەگەڵ نوێنەرانی چوارمەهاڵ و بەختیاری لەگەڵ جێگری سەرککۆمار کۆبوونەوە.

بۆیە ئەم بابەتە پۆتانسییەلی ئەوەی تێدایە کە لە ڕووداوێکی ئیدارییەوە بۆ پرسێکی سیاسی بگوازرێتەوە. جیاوازیی ئێتنی نێوان ئەو پاریزگایانەی کە ئاویان لێبڕاوە، لەگەڵ ئەوانەی کە ئاویان بۆ براوە، وایکردووە کە بەرپرسانی پلەیەکی تاران، کە زۆریان خەڵکی ناوچەکانی نێوەڕاست و باکووری ئەو وڵاتەن وەك خۆراسان و سمنان و یەزد و ئیسفەهان و ...، خەمی ئەوەیان بێت کە نەوەك ئەو ناڕەزاییانە قەڵشە ئەتنی و نەتەوەییەکان زیاتر بکات.

هەڵبەت سیاسەتی گلدانەوە و گواستنەوەی ڕێڕەوی ئاو لەئێران، تەنیا پرسێکی سیاسی نێوخۆیی دروستنەکردووە، بەڵکو بابەتیکی بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و ئێرانیش دروستکردووە کە دەشێ لە داهاتوودا زیاتر ببێتە ڕۆژەڤ. چونکە دروستکردنی بەنداو لەسەر لقەکانی سیروان و زاب کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش دروستکردووە.

**نارەزاییەکی زیاتر لە ئاو**

لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵی رابردوودا ئەمە سێیەمین خۆپیشاندانی گەورەی خوزستانییەکانە کە لە ئێران کردبێتیان. ساڵی 2011 دژی نامەی بەرپرسێکی تاران لەبارەی گۆڕینی دیموگرافیای پارێزگاکە خۆپیشاندان کرا کە توندووتیژیی تێکەوت. ساڵی 2018یش هەرلە سەر ئاو خەڵك هاتنە سەرجادە و لە 2021یشدا دووبارە بووەوە.

مەحموود ئەحمەد نەژاد سەرککۆماری پێشووتری ئێران، تازەیی باسی ئەوەی کردووە کە کاتی خۆی "ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، لە ترسی ئەوەی کە نەوەك شەڕێکی دیکە رووبدات، گەشەپێدانی خوزستانی بەتایبەتی لە رۆژئاوای کارون راگرتووە، کاتێك خۆی بووەتە سەرۆککۆمار، ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندووەتەوە." [7] گوتەکانی ئەحمەدی نەژاد هەر ئامانجێکیان هەبێت، دەتوانن ئەوە دەربخەن کە چۆن روانگەیەکی ئەمنی و سوپایی، کاریگەری لەسەر گوزەرانی رۆژانەی خەڵك داناوە. قاسمی سولەیمانی دەشتەکی پارێزگای خوزستان گوتوویەتی، لە ئامارەکاندا رێژەی بێکاری لە خوزستان بە 14.5% دیارە بەڵام لە هەندێك شوێندا لە سەرەوەی 40%-45% دایە. خوزستان دۆخێکی هاوشێوەی بەسرەی عێراقی هەیە. نەوتی زۆرە و خزمەتگوزاریی کەمە. زیاتر لە 50%ی یەدەگی نەوتی ئێران لەوێیە[8]، بەڵام کەمئاوی و بێ کارەبایی و بێکاری تینی بە دانیشتووانەکەی هەڵچنیوە کە دەشێ پرسی هاوبەشبێت لەگەڵ بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش.

**زیادبوونی نارەزایی جەماوەری**

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا نارەزایی جەماوەری، لە بەشی باشووری گۆی زەوی و لەو وڵاتانەی بەینیان لەگەڵ دیموکراسی باش نییە، زیادی کردووە. لە 12 مانگی ساڵی 2019دا، لانیکەم 50 خۆپیشاندانی گەورە و بچووك روویانداوە، ئەم ژمارەیە لە 11 مانگی ساڵی 2020دا گەیشتووەتە 77.[9] لەنێو 16 خۆپیشاندانی هەرەگرنگ کە لە ئەمریکای لاتینەوە بگرە تاوەکو ئاسیا کراون،[10] بێجگە لە 4 دانە کە هۆکارەکان زیاتر سیاسی بوون، ئەوانیدیکە زیاتر هۆکاری ئابووری و دژایەتی گەندەڵی و ناعەدالەتی و داوای ریفۆرم، پاڵنەرە سەرەکییەکانی خۆپیشاندان بوون. خەڵکی دنیا ئیدی زیاتر لە جاران دژی حکومەتەکانیان دەردەکەوێت و ئێرانیش لەمە بەدەر نییە.

لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەمەی ئەمجارەی خوزستانەوە، لانیکەم 12 خۆپیشاندانی گرنگ دەرکەوتوون. هەرجار حکومەت سەرکوتیکردووە، بەڵام هەرچی چووە ماوەی نێوان خۆپیشاندانەکان کەمتر بووە، هەروەها بەشداریی خەڵك زیاتر بووە. بێجگە لەوە، توندووتیژی زیاتریشی تێکەوتووە. دەتوانین بڵێین بێجگە لە رووداوەکانی ساڵی 1981، نارەزایی فراوان تاوەکو کاتی خۆپیشاندانەکەی خوێندکاران لە تاران و تەورێز لە ساڵی 1999،کە دژی داخستنی رۆژنامەی سەلام کردیان، شتێکی گەورە روویندا، بەڵام رووداوەکانی دە ساڵ دواتر، رێیان خۆشکرد بۆ زنجیرەیەك خۆپیشاندان کە هەرچی چوو ماوەی نێوانیان کەمتر بوو. ساڵی 2009 لە دژی ئەنجامی راگەیێندراوی هەڵبژاردن خەڵکانێکی زۆر لە سەرتاسەری ئێران دەرکەوتنە سەرجادە و لە ئەنجامدا بەپێی کەمترین ژمارەکانیش بێت، لانیکەم 30 کەس کوژران و نزیکەی 4000کەسیش گیران. لە 2011، نارەزاییەك لە دژی دەستکاریکردنی دیموگرافیا لە خوزستان دەرکەوت کە تێیدا 27 کەس کوژران. لە 2011 و 2012دا شەپۆلی بەهاری عەرەبی، کاریگەرییەکی سنورداری لەسەر ئێران دانا، بەڵام حکومەت توانی کۆنترۆڵی بکات. لەوەشدا لانیکەم، 3 کەس کوژران و زیاتر لە 90 کەس بریندار بوون و نزیکەی 1500 کەسیش گیران. لە 2017 -2018دا نارەزایی لەدەست گرانی تەشەنەی کرد و لە ئەنجامدا، 22کەس گیانی لەدەستدا و نزیکەی 3700 کەسیش گیران. لە 2018، نارەزاییەکی ئاو لە خوزستان دەرکەوت. 4 کەس کوژرا و 21ی دیکە برینداربوون و 10 کەسیش لەسەری گیران. دوای ئاو، نارەزایی بەنزین لە 2019 هات کە ئەوانەی کەمترین ژمارەی کوژراەکان دەڵێن، باسی 300 و ئەوانەشی زۆرترین دەڵێن، باسی کوژرانی 1500 خۆپیشاندەر دەکەن و دەڵێن نزیکەی 7000کەسیش گیران. لە 2019دا نارەزایی لەسەر گرتنی مەلایەکی سوننە لە بەلوچستان دەرکەوت کە تێیدا 6کەس برینداربوون. لە 2020دا نارەزایی لەسەر خستنەخوارەوەی فرۆکە ئۆکرانییەکە دەرکەوت و، لەسەر ئەوەش 30 کەسێك گیران. 2021 لە بەلوچستان لەسەر کوژرانی چەند کەسێك لەوانەی لە سنوور قاچاخی دەکەن، نارەزایی دەرکەوت و لە ئەنجامدا 27کەس کوژرا، 50 برینداربوون و 3کەسیش گیران.

**کۆتایی**

بەگشتی دەتوانین بڵێین بەمەی خوزستانەوە، ئەمە 5 ساڵە کە لە ئێران بە دوای یەکدا خۆپیشاندان دەکرێت. نارەزاییەکان خێرا بڵاو دەبنەوە. بابەتی نارەزاییەکانیش تەنیا سیاسی نین، بابەتی ئابووری و تەنانەت پرسی مەزهەبی و نەتەوەییش لە گۆڕێدایە. وەك ئەوانەی

1981 و 1999 نین کە زیاتر پرسی ئازادی و سیاسی هەبن و پێویستی بە حیزبێکی سیاسی هەبێت تاوەکو ڕێکیان بخات. خۆپیشاندان لەسەر ئاو دەتوانێ یەکسەر بۆ داوایەکی سیاسی بگۆڕێت. ناڕەزایی لەسەر بەنزین و گرانیی دەتوانێت بۆ ناڕەزایی لە سیاسەتی تاران لە فەلەسیتن و لوبنانیش بگۆڕێت. سنووری نێوان هۆکارە سیاسی و ناسیاسییەکانی خۆپیشاندان کەمڕەنگ بووە. بۆیە ئەوەی خوزستان لەسەر ئاوە هەروەها لە ئاویش زیاترە. ئێران لەوانەیە بتوانێت سەرکوتی بکات وەك ئەوانیدیکە، بەڵام هیچ گەرەنتییەکی نییە کە لە شوێنێکی دیکەوە ناڕەزایی دەرنەکەوێت. چونکە بابەتەکان بۆ ناڕەزایی لە جاران زۆرترن. پێدەچێت تائێستا ئێران توانیبیتی لە بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم قۆناخەدا هەڵبکات، بەڵام بۆ دۆخی ناوخۆ کیشەی ئەو ناڕەزاییانەی هەیە. سەرئەنجام ئەزموونی 5 ساڵی ڕابردووی دەریدەخات کە، چەندەی حکومەت بە کۆنترۆڵکردنی خۆپیشاندانەکان ڕاهاتبێت، بەو ئەندازەیەش، زاتی خەڵکی لە حکومەت شکاوە!

[1] _ https://www.hrw.org/news/2021/07/22/iran-deadly-response-water-protests

[2] _ https://www.independentpersian.com/node/164011/%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C-%D9%88-%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%DB%8C/%D9%81%D8%B6%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%D9%86%DA%AF%DB%8C%D9%86-%D8%A7%D9%85%D9%86%DB%8C%D8%AA%DB%8C-%D8%AF%D8%B1-%D8%AE%D9%88%D8%B2%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86%D8%8C-%D8%AE%D8%B7-%D9%88-%D9%86%D8%B4%D8%A7%D9%86-%D9%85%D8%B3%D8%A6%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D9%85%D8%B9%D8%AA%D8%B1%D8%B6%D8%A7%D9%86

[3] https://www.aa.com.tr/fa/%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86/%D8%A7%D8%B9%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%B6%D8%A7%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%AE%D9%88%D8%B2%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%86%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%AF-%D9%86%D9%85%D8%A7%DB%8C%D9%86%D8%AF%D9%87-%D8%AE%D9%88%D8%B2%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D8%B2-%D8%B1%D9%88%D8%AD%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%88-%D9%82%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%A8%D8%A7%D9%81/2308467

[4] _ https://www.mpo-kz.ir/content/uploads/2019/07/%DA%AF%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D8%B4-%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%A8%D8%B9-%D8%B7%D8%A8%DB%8C%D8%B9%DB%8C-%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%A8%D8%B9-%D8%A2%D8%A8-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%AC%D9%84%D8%AF-%D9%87%D9%81%D8%AA%D9%85.pdf

[5] _ https://rc.majlis.ir/fa/news/show/1097109

[6] _ https://www.mardomsalari.ir/report/100902/%D9%85%D8%A7%D8%AC%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D9%85%D8%B5%D9%88%D8%A8%D9%87-%D8%AC%D9%86%D8%AC%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D8%A7%D9%86%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84-%D8%A2%D8%A8-%DA%A9%D8%A7%D8%B1%D9%88%D9%86-%D8%A7%D8%B5%D9%81%D9%87%D8%A7%D9%86-%DA%86%DB%8C%D8%B3%D8%AA

[7] _ https://www.independentpersian.com/node/163166/%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C-%D9%88-%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%DB%8C/%D9%88%D8%A7%DA%A9%D9%86%D8%B4-

%D8%A7%D8%AD%D9%85%D8%AF%DB%8C%E2%80%8C%D9%86%DA%98%D8%A7%D8%AF-%D8%A8%D9%87-%D8%A7%D8%B9%D8%AA%25

https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iran/background.htm _ [8]

https://carnegieendowment.org/2020/12/21/worldwide-protests-in-2020-year-in-review-pub-83445- [9]

https://www.voanews.com/americas/global-protests-2019-demonstrators-around-world-demand-reform [10]